# بارگرانییەکانی جەنگی غەززە لەسەر هاوکێشەی لەرزۆکی عێراق

**یاسین تەها**، خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی ئایین و ئایینزاکان، هەروەها شارەزا لە کاروباری عێراق

سێ هەفتەی یەکەمی پاش هێرشی پێچەوانەی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە، بۆ کۆی جومگەکانی سیاسەت و حوکمڕانیی عێراق، دژوار و پڕ لە پێشهات و دڵەخورتێ بوو. لە سیناریۆی درێژەکێشانی جەنگەکە کە ئەگەرێکی زاڵە، یان فراوانبوونی بۆ جەنگێکی هەرێمایەتی کە ئەگەرێکی ڕێتێچووە، بارگرانی و پێشهاتی زیاتر لە عێراق چاوەڕوان دەکرێت. ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات خوێندنەوە بۆ لێکەوتەکانی جەنگەکە لەسەر عێراق و ئەگەرە ئاییندەییەکانیش بکات.

**یەکەم_ لێکەوتە ئەمنییەکان: هەڵوێستی گرووپە شیعەکان**

لە پاش هێرشەکانی 7ی ئۆکتۆبەری 2023ی بزووتنەوەی حەماس بۆ ئۆردوگاکانی ئیسرائیل و پەرچەکرداری توندی سوپای ئەو وڵاتە بۆ تۆڵەکردنەوە لە غەززە، زۆر لە گرووپە چەکدارە شیعەکانی عێراق لە ڕێگەی بەیاننامەی جۆراوجۆرەوە هەڕەشەی بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایان ڕاگەیاند[1]. هاندەر و پاساوی گرووپە شیعەکانیش لەم پێشهاتە، تۆڵەکردنەوەی کۆمەك و پاڵپشتیی کراوە و بێسنووری واشینگتۆنە بۆ سوپای ئیسرائیل، کە بەپێی زۆر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سیاسەتی "خاکی سووتماك" پەیڕەو دەکات. ئەم جموجۆڵەی گرووپە ئێرانییەکان جگە لە بەهاناوەچوونی بزووتنەوەی حەماس کە ئێستا لە پێگەی هاوپەیمانیانە، ڕەهەندێکی تری هەیە کە درککردنە بەو مەترسییە گەورانەی کە ڕووبەڕووی "بەرەی موقاوەمە" بووەتەوە؛ ئەگەر هات و ئیسرائیل و ئەمریکا بگەنە ئامانجی پەڕوباڵکردنی حەماس یان لادانی لە حوکمڕانیی غەززە لە مەودای دووردا. ئەم دوو سیناریۆیە هەر کامیان سەر بگرێت، ئەوە پێشینەیەکی ناخۆش دەبێت بۆ حزبوڵڵا کە بەشێکە لە جەستەی ئێران. ئەگەر ئەو ئامانجە دوورمەودایانەی تریش بەدی بێن، کە دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسییە بۆ ئەوەی ماوە لە مەسەلەی فەڵەستین، لە پاش لادانی گریمانکراوی حەماس، ئەوە پرسیاری سەخت ڕووبەڕووی "بەرەی موقاوەمە" دەبێتەوە.

جیا لە بەیاننامەی گرووپە شیعە ناسراو و فەرمییەکان، ڕووکارە سێبەرەکانیان ئەوەیشیان ئاشکرا کردووە (18ی ئۆکتۆبەری 2023) کە ژوورێکی عەمەلیات لە عێراق پێك هێنراوە بە ناوی " پاڵپشتیی گەردەلوولی ئەقسا" کە باڵەکانی "موقاوەمەی ئیسلامی" لەخۆ دەگرێت[2]؛ ئەم ناوەش ناونیشانێکی بەرینە بۆ هەر گرووپێك دژی دۆستایەتیی ئەمریکا و ئیسرائیل بێت و پێداگری لەسەر بەرەنگاربوونەوەیان بکات. هەر لەو چوارچێوەیەیشدا چەند هێرشێکی سنووردار کرانە سەر بنکە و پێگەکانی سوپای ئەمریکا لە هەر یەك لە "هەریر"ی نزیك هەولێر، هەروەها "عەینولئەسەد"ی ڕۆژاوای عێراق (17ی ئۆکتۆبەر)، بەبێ ئەوەی زیانێکی ئەوتۆیان لێ بکەوێتەوە. هێرشەکان لە ماوەی هەفتەیەکدا، هەڵکشان بۆ 13 هێرش دژی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا[3]. بەپێی قەبارە و ئاستی هێرشەکانیش، دەشێت ئەوەی لێ بخوێنرێتەوە سەرجەمیان زیاتر گەیاندنی پەیامن بە لایەنی ئەمریکی، تا ئەوەی ڕاگەیاندنی جەنگ بن، چونکە سنووردار و

کۆنترۆڵکراون؛ چەند گرووپێکی چەکداریی عێراقیش بەرپرسیارێتیی ئەنجامدانی ئەو هێرشانەیان خستە ئەستۆی خۆیان[4].

هەرچەندە سەرجەم سەکۆ ئەلەکترۆنییەکانی "موقاوەمەی ئیسلامی" ستایشی هێرشەکەی سەر بنکەی سەربازیی هەریریان کرد، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی گرووپی "تشکیل الوارثین" بەرپرسیارێتییەکەی گرتە ئەستۆ[5]. باوەڕیش وایە ئەم پێکهاتە نوێیە سێبەرە، ڕووکاری باڵە سەربازییەکەی بزووتنەوەی "حزب الله النجباء" بێت[6]. ئەم بزووتنەوەیەیش ڕاستەوخۆ سەر بە سوپای پاسدارانی ئێرانییە؛ بەشێك لە چەکدارەکانیشیان لە سووریا ئەرك دەبینن. ئەوان لە شەڕە سەختەکانی (2015)ی دژی گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمی ئەسەد جەنگاون. بەپێی ئاماژە و بەڵگە بەردەستەکانیش، سوپای پاسداران جگە لە کۆمەکی دارایی ئەم گرووپە، زانیاریی هەواڵگرییشی لەگەڵدا بەش دەکات، هەروەها لە هەڵبژاردنی بەرپرسان و شێوازی بەڕێوەبردنیشیدا ڕۆڵی ڕاستەوخۆی هەیە[7]

بەپێی ئاماژەی بەیاننامە و جێبەجێی هێرشەکانیش بێت، ئەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەنە ئامانج، هەر هێزەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعەن، بەڵام بە شاردنەوەی بکەرانی ڕاستەقینە و پەردەپۆشکردنی بە ناوی خوازارو و سێبەر، دوو ئامانج دەپێکن: **یەکەمیان**، بەڕواڵەت وا خۆیان پیشان دەدەن، کە پابەندن بە بنەماکانی پرۆسەی سیاسی و ڕێککەوتننامەی درێژخایەن لەگەڵ ئەمریکا. **دووەمیش** لە پشت پەردەیشەوە دەسکەوتی هێرشەکان هەر بۆ شیعەی حوکمڕان حیسابە لای حەماس و شەقامی عەرەبیی هاوسۆز لەگەڵ فەڵەستین و ئێران و شەقامی تووڕەی شیعە؛ لە هەمان کاتیشدا هۆیەکە بۆ خۆهەڵکێشان و ئیحراجکردنی پێکهاتەی عەرەبی سوننەی عێراق و کەنداو، بەو پێیەی ئەوان لەم جەنگە خوێناوییەی غەززەدا شتێکی ئەوتۆیان پێ ناکرێت.

سەرباری ئەم پێشهاتانەیش هێشتا باوەڕێك هەیە، بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی سەرانسەری و گشتگیر لەلایەن گرووپە ئێرانییەکانی عێراقەوە لە ئارادا نەبێت؛ بەڵگەیش بۆ ئەمە ڕێکخراویی پەرچەکردار و کاردانەوەکانیان و هەبوونی هەماهەنگییە لەوەی زۆر تەشەنە نەکات و کاردانەوەی توند نەبێت. جگە لەوەیش، تۆنی هەڕەشەکانیشیان بە ئاراستەیەکە ئەوان ڕاستەوخۆ نابنە بەشێك لە جەنگەکەی ئێستا، بەڵکوو دەیبەستنەوە بە فراوانبوونی بازنەی جەنگەکە و پەڕینەوەی لە غەززە. ئەو لایەنەیشی لەم ڕیتمە دەرچوو، "ڕێکخراوی بەدر"ی "هادی عامری"یە کە هەڕەشەکانی ڕاشکاوانەتر و گشتگیرتر بوون، بەراورد بە هاوتا شیعەکانی تری، لە چەشنی "العصائب"، "حركة النجباء"، "كتائب سيد الشهداء" و تا ڕادەیەکیش "كتائب حزب الله"[8]، بەڵام ڕێکخراوی بەدریش دواتر هەڕەشە سەربازییەکانی گۆڕی بۆ داوای گوشارکردن بۆ کردنەدەرەوەی سوپا بیانییەکان لە عێراق، ئەویش "بەپێی خشتەیەکی کاتی و کورتخایەن"، لە ڕێگەی حکوومەتی عێراقەوە[9]. بەم پێیەیش عامری، کە یەکێکە لە پایەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگیی حوکمڕان، تۆپەکەی خستۆتەوە گۆڕەپانی میکانیزمە حکوومی و یاساییەکان؛ پێداگرییەکەیشی باسی هەنگاوی تاکلایەنەی تێدا نییە. شتێکی زانراویشە شیعەکان ماوەی سێ ساڵە و ڕاستەوخۆ لە پاش کوژرانی "جەنەراڵ سولەیمانی" و "ئەبو مەهدی موهەندیس"ەوە (کانوونی دووەمی 2020) داوای چوونەدەرەوەی سوپای ئەمریکا و بیانی دەکەن و ئەمەیشیان لە پەرلەمانی عێراق کردە بڕیار، بەبێ ئەوەی حکوومەتەکانی کازمی و دواتریش سوودانی توانیبێتیان جێبەجێی بکەن[10].

**پێشهاتە ئەمنییە چاوەڕوانکراوەکان**

بەپێی ئەو زانیاری و لێدوان و ئاماژانەی بەردەستن، تێوەگلانی گرووپە شیعەکانی عێراق لە جەنگی غەززە، پەیوەستە بە هەڵویست و ڕەوشی حزبوڵڵای لوبنان و دوا بریاری سوپای پاسدارانەوە کە "بەرەی موقاوەمە" ئاراستە دەکات و، لەسەروو ئەوانیشەوە ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئێران. تا ئێستایش بەشداریی حزبوڵڵا لە جەنگەکە سنووردار و کۆنترۆڵکراوە، بەڵام ئەگەر پەرەی سەند و جەنگەکە بوو بە هەرێمایەتی لە نێوان بەرەی ئێرانی و بەرەی ئیسرائیل _ ئەمریکا، ئەوە بەپێی هەموو ئاماژەیەك جگە لە گرووپە عێراقییەکان، باڵە ئێرانییەکان لە سووریا، کۆمەڵی "أنصار الله"ی حووسییەکانی یەمەن، دەچنە جەنگەکەوە، بەهۆی ئەوەیشی ئیسرائیل پێی ناکرێت وەڵامی ئەم هەموو بەرەیە بداتەوە، ئەوکات بەرەنگارییەکە دەکەوێتە نێوان ئەمریکا و باڵە ئێرانییەکان[11]. لە ڕوونترین ئاماژەی ئەم ئەگەرەیشدا حووسییەکانی یەمەن شان بە شانی جموجۆڵی سنوورداری گرووپە عێراقییەکان، هاتنە سەر هێڵی گرژییەکان و لە پێشهاتێکی نوێدا ڕۆکێتی خۆیان هاوێشتە ئیسرائیل (31ی ئۆکتۆبەری 2023)[12]. ئەمەیش ڕوونترین پەیامی کرداری بوو کە لە حاڵەتی پەرەسەندنی جەنگدا، پێکدادان تەنیا لە غەززە نامێنێتەوە و، هەموو بەرە ئێرانییەکان گەرم دەبن، بە "بەرەی جۆڵان"ی سووریاشەوە کە ماوەی 30 ساڵە هێورە. چاوەکانیش لەسەر ئەوەن لە پەرەسەندنی گرژییەکاندا ئەویش هاوشێوەی باشووری لوبنان ببێتە دەلاقەی پێکدادان؛ بەمەیش بەشی زۆری پانۆراما ئێرانییەکە دەکەوێتە چالاکی و جموجۆڵ و دەمێنێتەوە سەر گەرووی هورمز. بەپێی پێدراوە بەردەستەکانیش باڵە سەربازییەکانی عێراق ئێستا خۆیان بۆ ئەو پێشهاتە ئامادە دەکەن؛ زانیاریی ئەوەیش هەیە کە ڕێنوێنی و پەیامیان لە سوپای پاسدارانەوە پێ گەیشتووە کە زیاتر پاڵپشتی و پشتیوانی هاوپەیمان و تەواوکەرەکانیان بن لە ناوچەکە[13].

ئەرکی باڵە ئێرانییەکانی عێراق و یەمەن و سووریا، زیاتر ترساندن و گوشارکردنە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یان هاوپەیمانەکانی. لەم چوارچێوەیەیشدا هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی ڕۆژاوای عێراق و هەریر، گرووپێك کە ڕووکاری باڵە ئێرانییەکانە بە ناوی "ألوية الوعد الحق"، بنکە ئەمریکییەکانی وڵاتانی کوێت و "ئیماراتی عەرەبی"یان بە ئامانجی خۆیان داناوە[14]. ئەم گرووپەیش پێشتر هێرشیان کردووەتە سەر سعوودیا و ئیمارات؛ دواتریش دەرکەوت سەرچاوەی هێرشەکان لە عێراقەوە بووە. ئاماژەکانیش لەسەر ئەوەن "ألوية الوعد الحق" ڕووکاری "كتاب حزب الله" بن کە لە لیستی ئەمریکیدایە بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان[15].

**دووەم_ لێکەوتە سیاسییەکان:**

جەنگی غەززە مەترسییەکی جددییە لەسەر حکوومەتی سوودانی و کۆی پرۆسەی سیاسیی عێراق. هەر بەم هۆیەیشەوە ماوەی دوو هەفتەیە پەرلەمانی عێراق خراوەتە حاڵەتی پەککەستن و، دوا دانیشتنی لە 17ی ئۆکتۆبەر بووە[16]؛ ئەمەیش بۆ ئەوەی لە دۆخی هەستیاری جەنگدا پەرلەمانتاری پارێزگاکان هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوە دەست پێ نەکەن و گوشار لەسەر حکوومەت دروست نەکەن، لە کاتێکدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمان، دەبێت هەفتانە دوو دانیشتن ساز بکات و، نابێت مانگانە لە هەشت دانیشتن کەمتر گرێ بدات[17]. لە ماوەی ساڵێکدا محەمەد شیاع سوودانی هەوڵی دا باڵانسێك لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکوومەتەکەی دروست بکات و، زۆر باسی ئەوەی دەکرد دەتوانێت دۆستی ئێران و ئەمریکاش بێت. لە سەردانەکەیدا بۆ نیویۆرك (ئەیلوولی 2023) لەلایەن "کۆشکی سپی"یەوە بانگهێشت کرا بۆ سەردانی واشینگتۆن و، بڕیار بوو تا کۆتایی ساڵ سەردانەکە بکات، بەڵام لە جەنگی غەززەدا و لەژێر گوشاری خرۆشانی ناوخۆیی شەقامی شیعیدا دژ بە ئیسرائیل و پاش کوشتاری زۆری فەڵەستینییەکان، ناچار بوو

"گوتارێکی توند" لە "کۆنگرەکەی ئاشتی"ی میسر پێشکەش بکات (21ی ئۆکتۆبەر) کە 31 دەوڵەت و 3 ڕێکخراوی نێودەوڵەتی تێیدا بەشدار بوون[18]. گوتارەکە کە بەرزکردنەوەی دەنگ و پەنجەڕاوەشاندنی تێ کەوت و دانی نەنا بە ئیسرائیلدا وەك دەوڵەت، بووە جێگەی ستایشی زۆری بەرەی ئێرانی؛ لە هەمان کاتدا نیگەرانی و ناڕەزاییی ئەوانەی ترسیان هەیە عێراق لە دەوڵەتێکی پشتیوانی فەڵەستینەوە ببێتە دەوڵەتی بەرەنگاربوونەوە و، بە خراپ بەسەر عێراقدا بشکێتەوە[19].

هەرچۆنێك بێت، گومان لەوەدا نییە گرژییە هەرێمایەتییەکان و ئەو دۆخە ئەمنییەی لە عێراق دروست بووە، پلانەکانی پەرەپێدان و وەبەرهێنان لە عێراق دەخاتە مەترسییەوە. هەروەها ئەگەری هێرشی گرووپە شیعەکان بۆ سەر بنکەکانی ئەنبار و هەرێمی کوردستان، لە هەموو کات زیاتر بووە. جگە لەوانەیش، جەنگەکە ڕۆڵی گرووپە چەکدارەکانی زیاتر کردووە و دەیانکاتە ئاراستەکەری ڕەوشە سیاسییەکە، لە کاتێکدا سوودانی لە هەوڵدا بوو وەهای پیشان بدات کە لە عێراق سیاسەت چەك ئاراستە دەکات نەك پێچەوانەکەی. لەمەیش مەترسیدارتر، پەلکێشانی جەنگەکە، دەرگە بۆ دەستوەردانی زیاتری ئێران لە سیاسەتی دەرەکیی عێراق دەکاتەوە؛ هاوتەریب بەو خرۆشانە شیعییەی دژی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە هەیە. هەموو ئەمانەیش بە دوای ئەوەدا دێن، سوودانی بانگەوازی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی عێراق و ئەمریکای دەکرد؛ هەروەها خۆیشی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کۆتاییی ئەمساڵ لە کۆشکی سپی چاوی بە بایدن بکەوێت و بۆ ئەم مەبەستەیش پەیامی ئەرێنییانەی بە میدیای ئەمریکیدا دەنارد[20] و بۆرسە و بازاڕەکانی دراویش چاوەڕوانی ئەو سەردانە بوون بۆ نرخی دۆلار.

خرۆشانی شیعی لە سایەی جەنگەکە وای کرد، چالاکە شیعە ئاراستەکراوەکان هەناردەی نەوتی عێراق لە "بێجی"یەوە بۆ ئوردن ڕابگرن، بە پاساوی ئەوەی پشتیوانی زایۆنیزمە[21]؛ بەردەوامیش گوتاری ڕقاوی لە عێراقەوە بەرامبەر وڵاتانی کەنداو زیاد دەکات. ئەم بەریەککەوتنەیش کە لە میدیای شیعیدا بەرامبەر تەنانەت سوننەی عێراقیش هەیە، لەژێر پاڵنەری ئەوەی "وەك پێویست بەتەنگی جەنگی غەززەوە نین و خیانەت لە فەڵەستین دەکەن"، ڕیسەکەی سوودانی و بەر لەویش هی کازمی و عەبادی بۆ کرانەوە بەڕووی وڵاتانی عەرەبی، دەکەنەوە بە خوری؛ ئەو هیوا زۆرەیشی لەسەر وەبەرهێنانی وڵاتانی کەنداو هەڵچنرابوو لە عێراق، بەتایبەت لە کەرتی وزە و کشتوکاڵ، هەر بەو دەردە دەچن.

### گوشارەکان بۆ داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا

داواکاری و پێداگریی سەدر بۆ دەرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا[22]، لە هەموو شت زیاتر حکوومەتی سوودانی و ئایندەی پرۆسە سیاسییەکەیشی خستۆتە بەردەم چەند پرسیار و ئەگەرێکی نەخوازراو. سەدر بەم داوایە هەم خۆی وەك ڕێبەرێکی شیعی و ئیسلامیی ڕاستگۆ لەگەڵ مەسەلەی فەڵەستین وێنا دەکات، هەم ڕکابەرە شیعەکانیشی خستۆتە دۆخێکی دژوارەوە، چونکە ڕوونە بڕیاری داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا، شیعەکان دەخاتە بەرەی ڕاگەیاندنی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا؛ هەروەها دەسکەوتەکانی حوکمڕانییەکەیان ڕووبەڕووی هەمان مەترسی و سزاکانی سەر ئێران و حزبوڵڵا و حووسییەکانی یەمەن دەکاتەوە. ئەمەیش بژاردەیەکە چوارچێوەی شیعەیش نایخوازن، نەك تەنیا لەبەر خۆیان بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەمان سەرچاوەیەکن بۆ یارمەتیدانی تەواوکەرە شیعەکانیان.

چوارچێوەی شیعە پێیان وایە دەرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، جاڕدانی دەرکردنی سەرجەم

باڵیۆزخانە و نێردە ڕۆژاوایی و ئەوروپییەکانی ترە، لەوانەیش هاوپەیمانێتیی ناتۆ. ئەمەیش حکوومەتەکەیان ڕووبەڕووی کەنارگیری و سزادان دەکاتەوە، سەرەنجامیش بەو هۆیەوە عێراقیان لەدەست دەردەچێت؛ دووریش نییە وڵات بکەوێتە دەستی سەدر یان هەر هێزێکی تر[23]. ئەوەیشی باری حکوومەت قورستر دەکات، هەڵمەتی ئیمزاکانی کۆمەڵێك پەرلەمانتاری دەرەوەی حکوومەتە بۆ هەمان داوای سەدر کە داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکایە[24]. هەرچەند ئەم پەرلەمانتارانە (32 ئیمزا) جەخت دەکەنەوە لە سۆنگەی نیشتمانپەروەرییەوە ئەو کارە دەکەن، بەڵام بەو پێیەی لە حوکمڕانیدا نین و پێشتریش تۆمەتبار کراون بەوەی سەر بە باڵیۆزخانەی ئەمریکان، هەنگاوەکەیان بەدوور نییە لە پیشاندانی پەرێزپاکی؛ لە هەمان کاتیشدا ئیحراجکردنی چوارچێوەی شیعیی حوکمڕان کە سەرباری هەڵگرتنی دروشمی "موقاوەمە"، بەفەرمی و کردەیی و ئاشکرا ناتوانێت دروشمەکانی بکاتە پراکتیك و کردار. لە کۆی ئەم کایەیەیشدا شەعبەوییەتی کۆمەڵایەتی و مەزهەبی، ئامادەییەکی گەورەی هەیە. ئەگەر چوارچێوەی شیعەیش لەسەر ئەم بێدەنگییە بەردەوام بێت، ئەوە ئەگەری خۆپیشاندانی سەدری و شەقامی شیعی، ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە، بەتایبەت کە سەدر بەڕوونی هۆشداریی داوە ئەگەر حکوومەت و پەرلەمان داواکەی جێبەجێ نەکەن، ئەوە هەڵوێستی تری دەبێت[25]؛ بەبێ ئەوەی جۆرەکەی دیاری بکات.

هەندێك لە شارەزایان پێیان وایە درێژەکێشانی جەنگی غەززە، هەروەها گوشارەکانی سەدر، بە ئەگەری زۆر چوارچێوەی شیعە ناچار بە پەرتبوون و دابەشبوون دەکات بۆ بەرەی حوکمڕانی (الحکمە، النصر) و بەرەی بەرگری (حزب الله، النجباء، سید الشهداء و...)، هەندێ هێزیش لەو نێوانەدا دەمێننەوە (بدر و العصائب). ئەگەرێکی تر ئەوەیە هەر لەم دژیەکیی گوتارەدا کە بەرگری و حوکمڕانی و دۆستایەتیی ئەمریکایە بمێننەوە[26]. ئەم سیناریۆیەی کۆتاییش دەیانکاتە جێگەی ڕەخنە و گوشاری زیاتری سەدری ڕکابەریان؛ ئەمە جگە لە مەترسیی بەئامانجگرتنیان لەلایەن ئەمریکاوە ئەگەر هات و بڕیاری دا وەڵامی وردە هێرشەکانی باڵە شیعەکانی عێراق و سووریا و یەمەن بداتەوە[27].

**کورد و سوننەکان**

تا ئێستا مامەڵەی هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە لەسەر ئاستی فەرمی، هەستیاریی پێوە دیارە. بۆ لایەنی کوردی بژاردەکان ئاسان نین، چونکە لە لایەك بەرژەوەندیی لەگەڵ ئەمریکادایە و تا ئێستایش بنکە ئەمریکییەکان هاوکاریی دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی پاشماوەی داعش؛ لە لاکەی تر ئەگەر شیعەکان پەرە بە ناڕەزایی و بەرەنگارییەکەیان بدەن، پرسیاری زیاتر لەسەر هەڵوێستی هەرێم دروست دەبێت لەو دابەشبوونە قووڵە، ئەمە جگە لەوەی هەرێم لە بەردەم هەڕەشەی مووشەك و درۆنی زیاتری "بەرەی موقاومەمە"دایە بە پاساوی بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا. سەبارەت بە سوننەکانیش، بارگرانی، یەکەم بۆ سەرشانی سەرۆکی پەرلەمان "محەمەد حەلبووسی"یە، کە ئەگەر دانیشتەکانی پەرلەمان دەست پێ بکاتەوە، دەبێت ئیمزای پەرلەمانتاران بۆ داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا وەربگرێت یان دانیشتنی تایبەتی بۆ تەرخان بکات؛ ئەگەر ئەمەیش بکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکییەکان تێك دەچێت و ئەوکات پێگەی ئەنباریش دەکەوێتە بەر مەترسی. ئەگەریش بێدەنگیی لێ بکات و دانیشتن ساز نەکات، بە نەرمکێشی و خۆدزینەوە لە بەرگری لە فەڵەستین تۆمەتبار دەکرێت و هەر لە ئێستایشەوە بووەتە جێگەی ڕەخنەی هەندێك لە چالاکە شیعەکان و، دەپرسن لە کوێی هاوکێشەکەدایە؟

هەر لەم سەروبەندەیشدا میدیایەکی ئینگلیزی کە لەلایەن قەتەرەوە سەپۆرت دەکرێت و لە بریتانیا پەخش

دەبێت، دیسان ئەوەی وروووژاندەوە کە ئیسرائیل پلانی هەیە دانیشتووانی غەززە ڕابگوێزێت بۆ ئەنبار و ڕۆژاوای عێراق. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ماڵپەڕەکە کە سەرنووسەرەکەی، "دیڤید هێرست" نووسیویەتی، ئیسرائیلییەکان لە هۆتێلێکی گرانبەهای سەر دەریای سوور، چەند بەرپرسێکی سوننەیان دیوە و باسی ئەوەیان کردووە لەگەڵ خەڵکی غەززە دەتوانن بەرامبەر شیعە ببنە زۆرینە، هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە سامانە سروشتییە شاراوەکانی ئەنبار، لەوانەیش ئاوی ژێرزەوی، دەتوانن ببنە سەبەتەی خۆراکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[28]. ئەم جۆرە زانیارییە هەستیار و سەربەگۆبەندانەیش هێندەی تر بەدگومانی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی شیعە و سوننەکان دروست دەکات، هەروەها دەرفەتی ئەوەیش دەرەخسێنێت شیعەکان زیاتر سوننەکان تۆمەتبار بکەن بەوەی بەشێکن لە بەرەی ئاساییکردنەوە (تطبیع) لەگەڵ ئیسرائیل؛ هەروەها وەها لێیان بڕوانن کە پیلان بۆ دابەشکردنی عێراق و ڕووخاندنی حوکمڕانیی شیعە دەگێڕن.

**بژاردە و هەنگاوەکان**

لەو تەنگژانەی بەهۆی لێکەوتەکانی باهۆزی غەززە ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە، "هەرێمی کوردستان"یش پشکێکی گەورەی بەردەکەوێت؛ لە لایەك چاوی لەسەرە هەڵوێستی هەبێت، لە لاکەی تر وابەستەی کۆتوبەندە. لەگەڵ گەرمبوونی جەنگەکەیش زیاتر هەڵوێستەکان ڕاشکاو و تیژتر دەبن و ڕەنگە بێدەنگی و دانبەخۆداگرتن بژاردەیەکی گونجاوی تاسەر نەبێت. بەو پێیەیشی مەسەلەی فەڵەستین هاوسۆزیی زۆری هەیە لە دنیا، بە ئەمریکا و ئەوروپایشەوە، لەبەر ڕەوایەتیی دۆسیەکە، هەروەها لە سۆنگەی ئەوەی کارەسات و تراژیدیای مرۆییی غەززە سنوورەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆییی بەزاندووە، هیچ ڕێگرییەك نییە هەرێمی کوردستان زوو زوو هاوشێوەی 121 وڵاتەکەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ئاگربەستی مرۆیی و ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی و بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی خەڵکی کارەساتباری غەززە بکات. ئەمەیش بەشێکە لە ئەرکی مرۆیی و داوایەکی نێودەوڵەتییشە، بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پزیشکانی بێسنوور و تەندروستیی جیهانییشەوە.

سەبارەت بە پێشهاتە سیاسییەکانی پەیوەست بە مامەڵەیش لەگەڵ ئەمریکا، ڕەنگە کورد و سوننە زەرەرمەندی کردنەدەرەوەی ئەمریکا بن، بەو پێیەی زیاتر دەکەونە ژێر هەژموونی ئێران؛ بەڵام حکوومەتی سوودانی پێویستیی زۆری بە دەنگی عەقڵانی هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی بەرامبەر جۆش و خرۆشی جەماوەری تووڕە لە پاڵپشتییە بێسنوورەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل. لە چاوەڕوانیی پێشهاتەکانی ئەم دۆسیەیشدا وریایی و ئامادەکاری بۆ هەموو ئەگەرێك پێویستترن. دەنگی عەقڵانییەتی شیعی ئەوەیان لەبەرچاوە، بەبێ ئەمریکا سەددام نەدەڕووخێنرا، داعشیش تێك نەدەشکێنرا؛ بەبێ گوژمەی دۆلاریش تەنانەت ناتوانن باری داراییی ئێرانی دراوسێیش سووك بکەن. لەم گێژاوەیشدا جموجۆڵ و هاوپەیمانییەکی ڕانەگەیەنراو پێویستە لە عێراق بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە؛ بە جۆرێك وڵاتەکە لە چوارچێوەی کۆمکاری عەرەبی و وڵاتانی ئیسلامی، ئەرکی خۆی بەرامبەر فەڵەستینییەکان جێبەجێ بکات و گوشار بکات بۆ ڕاگرتنی لافاوی خوێن و، هاوکاریی پێویست پێشکەش بکات، لە هەمان کاتیشدا ڕێگر بێت لەوەی عێراق بەرەو جەنگی وەکالەت و مایەپووچی بڕوات.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

[1] https://2u.pw/0QJdck7

[2] https://2u.pw/jALCeXw

[3] https://2u.pw/DmKP1GN

[4] https://2u.pw/nSf4gK7

[5] https://2u.pw/KpMmhqc

[6] https://2u.pw/jALCeXw

[7] https://2u.pw/tPmOS2S

[8] https://2u.pw/4pHeCli

[9] https://2u.pw/RyBV0LL

[10] https://2u.pw/c6hZMA6

[11] https://2u.pw/PEob6KA

[12] https://2u.pw/SYprS0S

[13] https://2u.pw/jALCeXw

[14] https://2u.pw/2EH74EX

[15] https://2u.pw/KxBAr2N

[16] https://2u.pw/zK2pffc

[17] https://2u.pw/bzBHJUP

[18] https://2u.pw/CH4Zfzt

[19] https://2u.pw/vy9B5kN

[20] https://2u.pw/qB7k0JF

[21] https://2u.pw/93jKeTy

[22] https://2u.pw/X43YYme

[23] https://2u.pw/BWlmCHS

[24] https://2u.pw/sBwzYe3

[25] https://2u.pw/X43YYme

[26] https://2u.pw/vbONTE5

[27] https://2u.pw/IAe0Erf

[28] https://2u.pw/nzLtisn